# ڕۆڵی پاشگری /-ەر/ لە سازکردنی ناوی پیشەیی (داڕێژراو و لێکدراو) لە زمانی کوردیدا

عوسمان کەریم عبدالرحیم [1]

[1] بەشی زمانی کوردی ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: othman.abdalrahim@univsul.edu.iq

## پوختەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی لایەنێکی گرنگیی مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی، ئەویش بە خستنەڕووی ڕۆڵ و بەبەرهەمیی مۆرفیمی وشەداڕێژەری /-ەر/ ، لە سازکردنی ناوی پیشەیی لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ دەرخستنی هەندێ لایەنی گرنگ و شاراوە لە سازکردنی ناوی پیشەیی داڕێژراو لێکدراودا، کە سەرچاوەی دروستبوونی  بەشێک لەم وشانە، ڕەگی کردارەو بەشەکەی تریشیان چاوگەکانی زمانی کوردییە، کە هەریەکەیان لە شێوەی ناوی دیاردەیەک، ڕووداوێک، حاڵەتێک، ...هتد، خۆیان دەنوێنن، وەکو (کردن ، دان، بردن ، هێنان ، خستن، ...هتد) ئەوەی هەڵە مۆرفۆلۆجییەکەی دروستکردووە چاوگی (کردن)ە ((کە لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەو سەرچاوانە دراوە))، زۆرێک لە زمانەوانەکان پێیانوایە (کەر)، لە (نانکەر) و (یاریکەر)دا پاشگرە، ئەمەیش پێچەوانەی یاساکانی مۆرفۆلۆجی دەوەستێتەوە چونکە ئەم توێژینەوەیە ئەوەی سەلماندووە، کە سەرچاوەی دروستکردنی وشەی (نانکەر) لە (نانکردن)ەوەیە کە بەم شێوەیە سازبووە (نان+کە+/-ەر/ = نانکەر).

**کلیلی وشەکان :** (پاشگری ناوی پیشە لە زمانی کوردیدا ، گیرەکی وشەداڕێژەر ، مۆرفۆلۆجی ناوی پیشە)

## ملخص البحث:

هذا البحث محاولة لشرح أحد الجوانب الجادة لعلم الصرف اللغة الكردية، بعرض دور وتأثير المورفيم الاشتقاقية/-ەر/ ،  لانشقاق أسماء الاحترافية أو المهنية في اللغة الكردية، مع إظهار بعض الجوانب المهمة و التي يتم كشفها بعد لانشقاق الاسماء المشتقة والمركبة المهنية، جذور انشقاق هذه الكلمات مصادر كلمات اللغة الكردية مثل (كردن، دان، بردن، هينان، خستن.....إلخ) ، جميع الأخطاء الصَرفية (المورفولجية) بسبب المصدر (كردن)، أكثرية اللغويين أعتقدوا إن (كە ر في (نانكە ر) و (ياريكە ر) اللاحقة الانشقاقية، بينما نحن مؤكدين بأن (كە ر) ليست لاحقة وإنما /-ە ر/ هو اللحقة المهنية و (ك) الاثار المتبقية لجذر (كە) والذي أُستُنتجت من (كردن) أي الكلمة في الاصل هو المصدر المركب (نان كردن) وبهذه القاعدة تمت إنتاجه ككلمة أو إسم مهني: ((نان : كە :  /-ە ر/ )) أصبحت ((نانكە ر) إذن أحد حروف العلة التي في أواخر الجذر و بداية المورفيم المشتق قد  أختفت.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥ ژمارە ٤ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/١/١٢ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٢/١٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/١٢/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | othman.abdalrahim@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٠ م.عوسمان کەریم عبدالرحیم، نم گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## پێشەکی:

٠-١/ ناونیشانی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لەژێر ناوی (ڕۆڵی پاشگری /-ەر/ لە سازکردنی ناوی پیشەیی (دارێژراو و لێکدراو) زمانی کوردیدا) تێڕوانینێکی نوێیە بۆ سەرلەنوێ لێکدانەوەی مۆرفۆلۆجی کوردی دەربارەی ئەو پاشگرە.

٠-٢/ کەرەستەو ڕێبازی توێژینەوەکە: هەموو ئەو نموونانەی لە ئێستای زمانی کوردیدا هێشتا بە چالاکیی ماوەتەوە، ڕێبازی توێژینەوەکە سوود لە هەردوو میتۆدی (وەسفی - شیکاریی) وەرگیراوە، بەخستنەڕووی دیاردە زمانییەکەو شرۆڤەکردنی سەرجەم نمونەکان.

٠-٣/ گرنگیی توێژینەوەکە: شیکارییەکی نوێی مۆرفۆلۆجییانەی ئەو وشانەیە، کە بەهۆی پاشگری /-ەر/ بەرهەمهێنراون.

٠-٤/ ناوەرۆک و بەشەکانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و دووبەش و چەند ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

## ١/ بەشی یەکەم:

## ڕۆنانی ناو و ئەو پاشگرانەی، دەبنە هۆی دروستبوونی وشەی نوێ

**١-١/ ناو ناساندن:** پێکهاتەیەکی گرنگیی فەرهەنگی زمانەو گرنگترین دانەی زمانەو بەشێکی گەورەی فەرهەنگی زمانی داگیرکردووە، زۆرێک لەو کەسانەی سەلیقەی زمانەوانییان هەبووە لە گرنگی ئەم بەشەگرنگەی ئاخاوتن کۆڵیونەتەوەو پێناسەو بایەخێکی تایبەتییان پێ بەخشیوە، لەوانەیش:

مامۆستا (سەعید سدق کابان) لەبارەی ناووە دەڵێت: (ئەو وشەیەیە کە بۆ ناوی مرۆڤێک، یا ئاژەڵێک، یاخود شتێک دانرابێت، وەکو پیرۆت، وشتر، کێو). (کابان: ١٩٢٨: ٧)

مامۆستا (نوری عەلی ئەمین) دەڵێت: ((ئەو وشەیەیە، کە دانراێ بۆ ناوی ئادەمیزاد یا باڵندەو ماڵات یا شینایی و میوەهات یا شتومەکی تر)). (ئەمین: ١٩٥٦: ١١)

(د.ئەورەحمانی حاجی مارف)یش دەڵێت: ((ناو ئەو وشەیەیە، کە ناوی گیاندارێک یان بێ گیانێک یان بیرێک یان کارێک دیاری دەکات)). (مارف: ٢٠١٤: ١٠٢)

ئەگەر لەو پێناسانەی سەرەوە وردبینەوەو ڕۆبچینە ناو دانە بەدانەی وشەکانیانەوە، ئەوا دەبینین لە ناوەرۆکیاندا زۆر لە یەکترییەوە نزیکن و هەموویان کۆکن لەسەرئەوەی ناو وشەیەکە کەسێک، گیاندارێک، شتێک نیشان دەدات. هەرچەندە ناوەکان هەرگیز لە شێوەو ڕوخساری ئەو ناولێنراوانەوە وەرنەگیراون، (فێرناند دی سوسێر) لەو بارەیەوە گوتوویەتی: (زمان سیستەمێکی هێمایی لەخۆوەیە بۆ دەربڕینی مەبەست و ئامانجەکانی و بەردەوامی ئاخاوتن بەکاریدێنێت). (دزەیی: ٢٠١٣: ٩٦) چونکە (زمان پێڕەوێکی دەنگییە بۆ لە یەکتر بەکاردێت و بەهۆی ڕشتەی گوتن و بیستنەوە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا کاردەکات، دەنگەکان ڕەمزن و واتا لەخۆوە وەردەگرن). (فتاح: ٢٠١١: ١١) زمانیش بریتییە لە وشەکانی لەناویشیاندا کەوا بەشێکی گەورەی فەرهەنگی زمانی داگیرکردووە ئەویش ناوە.


**١-٢/ ناو لەڕووی ڕۆنانەوە:** سێ چەشن ناو لە ڕووی ڕۆنانەوە دەستنیشان کراون، کە بریتین لە:

١- سادە: وەک،(ئاو، ئاگر، خاک، نان، ئارد، گەنم، جۆ، بەرد، دار، ئاسن، گوڵ ، درک، کەو، کۆتر، قەل، هەور، باران، تەرزە، بەفر، ...).

٢-ناوی ناسادە:

ا-ناوی دارێژراو، ئەوانەن بەهۆی پێشگرو پاشگرەوە دروستبوون، وەک: (بێکەس، نەخۆش، دارستان، هێلکەدان...هتد).

ب- ناوی لێکدراو، لە دوو مۆرفیمی بنجی، یان زیاتر دروستبوون، وەک: (/سەربان، سەردار، پیرەمێرد، کانیسارد، یاریکردن، نانکردن، .....).




بەپێی نموونەکانی سەرەوە، لە زمانی کوردیدا ناو دوو جۆر مۆرفیمی بەند وەردەگرێت، یەکەمیان بریتییە لە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان وەک ناسراوی و کۆ،...هتد، جۆری دووەمیشیان مۆرفیمی بەندی دارشتن وەردەگرێت، وەکو سەرجەم گرووپی پاشگرە وشە دارێژەرەکان. (C.Stageberg:١٩٨١:١٥٤) چەند گرووپێک پاشگر هەن، لە زمانی کوردیدا ناوی جۆراوجۆر دادەرێژن.

٣-١ ناو لەرووی ناوەرۆکەوە: بە پێنج گروپ پۆلێنکراون:-

١) ناوی واتایی: بەم چەشنانەی خوارەوە دروست دەبن:-

أ- ناو + پاشگر

مامۆستا + /-یی/ ← مامۆستایی

پیاو + /-ەتی/ ← پیاوەتی

ژن + /-یَتی/ ← ژنێتی

لەو نموونانەی سەرەوە ناوی واتایی لە ڕێگای ناوێکی گشتی و پاشگرەکانی (/-یی/ ، /-ەتی/ ، /-ێتی/) کە ئەلۆمۆرفی پاشگری( /-ی/ )ن دروست دەکرێن.

ب- ئاوەڵناو + پاشگر

جوان + /-ی/ ← جوانی

ئازا + /-یەتی/ ← ئازایەتی

لەو نموونانەی سەرەوە ناوی واتایی لە ڕێگای ئاوەڵناو و چاشگرەکانی (/-ی/ ، /-یەتی/)یەوە دروستبوون.

٢) ناوی شوێن: ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک پاشگرەوە دروست دەبن:-

کورد + /-ستان/ ← کوردستان

خوێندن + /-گە/ ← خوێندنگە

قامیش + /-ەڵان/ ← قامیشەڵان

گوڵ + /-دان/ ← گوڵدان

لەو نموونانەی سەرەوە پاشگری /-ستان/ لەگەڵ ناوی (کورد) ڕووبەرێکی فراوان نیشان دەدات، بە واتای شوێنی نەتەوەی کورد دێت، پاشگری /-گە/ لەگەڵ چاوگی (خوێندن) ناوی شوێنی کە ڕووبەرەکەی لە پاشگری /-ستان/ کەمترە دروستبووە، پاشگری /-ەڵان/ لەگەڵ ناوی (قامیش) کە ناوی شوێنی قامیشەڵانی دروستکردووە، هەروەها پاشگری /-دان/ لەگەڵ ناوی گشتی (گوڵ) ناوی شوێنی گوڵی پێکهێناوە ڕووبەرەکەی لەوانی تر کەمترە.

### ٣) هەندێ پاشگر کە ناوی جۆراوجۆر دادەرێژن، وەک:

أ-ناوی یاری ((هەڵمات + /-ێن/ ← هەڵماتێن)).

ب-ڕازاندنەوە، خۆ جوانکردن ((مل +/-وانکە/ ← ملوانکە)).

ت-ناوی باج ((سەر+ /-انە/ ← سەرانە)).

پ- ناوی خواردن ((نیسک +/-ێنە/ ← نیسکێنە)).

لەو نموونانەی سەرەوە ناوی جۆراوجۆر لە ڕێگای پاشگری /-ێن/ ناوی یاری و پاشگری /-وانکە/ ناوی خشڵ و پاشگری /-انە/ ناوی باج و

پاشگری /-ێنە/ ناوی خواردنی دروستکردووە.

٤) ناوی بچوککراو: بە دوو شێوە دروست دەبن:-

أ- ناو + پاشگری ناوی بچووککراو

بەرخ + /-ۆلە/ ← بەرخۆلە

کار + /-یلە/ ← کاریلە

لەو نمونانەی سەرەوە ناوی دارێژراوی بچووککراو لە ڕێگای هەردوو پاشگری /-ۆلە/ ، /-یلە/ لەگەڵ ناوێکدا دروستکردووە.

ب- بچووککردنەوەی ناوی تایبەتی:

سەعید ← سەعە ، بەختیار ← بەخە ، نەسرین ← نەسە، ...هتد.

لەو نمونانەی سەرەوە ناوی بچوککراو لە ڕێگای بچووککردنەوەی ناوی تایبەتییەوە دروستکراون.

٥) ناوی پیشە: ئەو ناوەیە بە هۆی چەند پاشگرێکەوە دروست دەبێت.

أ- ناو + پاشگر

ئاسن + /-گەر/ ← ئاسنگەر

باخ + /-ەوان/ ← باخەوان

نان + /-ەوا/ ← نانەوا

جام + /-چی/ ← جامچی

کۆتر + /-باز/ ← کۆترباز

لەو نمونانەی سەرەوە ناوی پیشە لە ڕێگای ناوێک و هەریەک لە پاشگرەکانی( /-گەر/، /-ەوان/ ، /-ەوا/ ، /-چی/ ، /-باز/ )ەوە دروستبوون.

ب- ڕەگی کردار + پاشگر

نوس + /-ەر/ ← نوسەر

فرۆش + /-یار/ ← فرۆشیار

لەو نمونانەی سەرەوە ناوی پیشە لە ڕێی هەردوو پاشگری /-ەر/ و /-یار/ ەوە دروستبوون، هەرچی پاشگری (/-ەر/)ە ((تەنیا لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێت و ناچێتە سەر ڕەگی کرداری تێنەپەڕ)).(مارف: ٢٠١٤: ١٥١). پاشگری /-ەر/ یەکێکیشە لەو پاشگرانەی کە ناوی کارا (بکەری) بەرهەم دەهێنێت، واتە ناوی پیشە بەشێکە لە ناوی کارا.

(سیدنی گرینبۆم) و (جیرالد نیلسۆن) دەڵێن:(ناوی پیشە لە زمانی ئینگلیزیشدا بەهۆی مۆرفیمی بەندی وشەدارێژەری /-er/,/or/ دروست دەبێت، کاتێک دەچێتە کۆتایی کارەکەوە، بۆ نمونە (Nelson) .((speaker, reader:٢٠٠٩ :٣٣)

ئەگەر ئەو دوو نمونەیەی سەرەوە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی ئەوا دەبێتە (قسەکەر، خوێنەر) دەبینین پاشگرەکان لە یەکترییەوە زۆر نزیکن، ئەمەش بەهۆی بوونی خزمایەتیی نێوان زمانەکان دەردەخات، کە زمانی کوردی و ئینگلیزی هەردوکیان سەر بەخێزانی زمانی هیندۆئەوروپایین.

لە زمانی کوردیدا ناوی پیشە ئەو ناوە دارێژراوانەیە، کە بەهۆی گروپێک پاشگرەوە دروست دەبێت، وەک: ((/-ەر/، /-گەر/، /-ەوان/، /-یار/، /چی/، /-باز/، /-مەند/...هتد)). ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر بەبەرهەمیی پاشگری /-ەر/ دەکاتەوەو ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی دەخاتەڕوو.

## ٢/ بەشی دووەم:

ڕۆڵی پاشگری /-ەر/ لە سازکردنی ناوی پیشەیی دارێژراو و لێکدراودا

٢-١/ پاشگری /-ەر/ لە سازکردنی ناوی پیشەیی دارێژراودا:

ئەم پاشگرە وەک یەکێک لە پاشگرە چالاکەکانی زمانی کوردی دادەنرێت، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سازکردنی ناوی پیشەیی دارێژراو زمانی کوردیدا

هەیە، کە بریتین لە:

٢-١-١ / ڕەگی ئێستا +پاشگری ناوی پیشەیی /-ەر/ = ناوی پیشە

نووس + /-ەر/ = نووسەر

بین + /-ەر/ = بینەر

بیس + /-ەر/ = بیسەر

هۆن + /-ەر/ = هۆنەر

بێژ + /-ەر/ = بێژەر

بڕ + /-ەر/ = بڕەر

خوێن + /-ەر/ = خوێنەر

دان + /-ەر/ = دانەر

ژێن + /-ەر/ = ژێنەر

بەخش + /-ەر/ = بەخشەر

هێن + /-ەر/ = هێنەر

چێن + /-ەر/ = چێنەر

ئەم نموونانەی سەرەوە بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی لە (ڕەگی کرداری تێپەڕ + پاشگر) دروست بوون و لە ئەنجامدا ناوی پیشەیی داڕێژراویان سازکردووە، کە وەکو ناوێکی کاراش دەتوانن ڕەفتار بکەن.

**٢-١-٢/ ڕەگی ئێستا + مۆرفێمی تێپەڕاندن + پاشگری ناوی پیشە/-ەر/ = ناوێکی پیشەیی**

سووتێ + /-ێن/ + /-ەر/ = سووتێنەر

ڕووخێ + /-ێن/ + /-ەر/ = ڕووخێنەر

لەم دوو نموونەیەی سەرەوە هەردوو بزوێنی درێژی کۆتایی ڕەگەکەو سەرەتای مۆرفێمی تێپەڕاندن یەکێکیان تیاچووە، چونکە دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەت.

بۆ ئەوەی پاشگری ناوی پیشەیی /-ەر/ وەربگرێت، ئەوا پێویستە سەرەتا هێزی کردارەکە بگۆڕدرێت، لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕو پاشان مۆرفێمی ناوی پیشەیی /-ەر/ وەردەگرێت:-

خنکێ + /-ێن/ + /-ەر/ = خنکێنەر

ڕەگی ئێستای کرداری خنکا

دوێ + /-ێن/ + /-ەر/ = دوێنەر

ڕەوێ + /-ێن/ + /-ەر/ = ڕەوێنەر

تۆق + /-ێن/ + /-ەر/ = تۆقێنەر

ئەگەر لەم نموونانەی سەرەوە وردبینەوە دەبینین ئەم وشانە لە ((ڕەگی کاری تێنەپەڕ + مۆرفێمی گۆڕینی هێزی کردار(تێپەڕاندن بۆ دەمی ئێستا (ڕانەبردوو)) + پاشگری ناوی پیشە)) دروست بوون، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی گۆڕینی هێزی کردار لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ بۆ دەمی ئێستاو، ڕابردوو، بەم شێوەیەی خوارەوە دروست دەبێت:-

-پووشەکە سووتا.

منداڵەکە پووشەکەی سووتاند. (ڕابردووی تێپەڕ) واتە ((سووت ڕەگەکەیە(ڕابردوو)، /-ان/ مۆرفێمی تپەڕاندنە بۆ دەمی ڕابردوو، /-د/ مۆرفێمی

کاتەکەیە (tense) )).

مناڵەکە پووشەکە دەسووتێنێت.(ڕانەبردووی تێپەڕ) ((/دە-/ مۆرفێمی بەردەوامییە، (سووتێ) ڕەگی ڕانەبردووە، /-ێن/ مۆرفیمی تێپەڕاندن، لەگەڵ /-ێت/ جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک. (عومەر: ٢٠٠٨: ٤٢-٤٤).

ئەگەر سەرنجی هەردوو نمونەی تێپەڕاندنەکەی سەرەوە بدەین، دوو مۆرفێمی تێپەڕاندن بەدیدەکرێت، ئەوانیش بریتین لە /-ان/ بۆ دەمی ڕابردوو، /-ێن/ بۆ دەمی ئێستا، هەرچی نمونەکانی (سووتێنەر، ڕووخێنەر، خنکێنەر، دووێنەر، ڕەوێنەر، تۆقێنەر)ن هەموویان لە ڕەگی ئێستاوە سازبوون هەرلەبەر ئەمەیشە مۆرفێمی /-ێن/ وەردەگرن.

٢-١-٣/ پێشگر + چاوگ (ناوی دیاردە) = پێشگر + ڕەگی ئێستا + پاشگری ناوی پیشە = ناوی پیشە

/بـ-/ + کردن = /بـ-/ + کە + /-ەر/ = بکەر

/ڕا-/ + خستن = /ڕا-/ + خە + /-ەر/ = ڕاخەر

/هەڵ-/ + هێنان = /هەڵ-/ + هێن + /-ەر/ = هەڵهێنەر

/ڕا-/ + هێنان = /ڕا-/ + هێن + /-ەر/ = ڕاهێنەر

/دا-/ + هێنان = /دا-/ + هێن + /-ەر/ = داهێنەر

/دا-/ + ڕشتن = /دا-/ + ڕێژ + /-ەر/ = داڕێژەر

ئەم نمونانەی سەرەوە بەهۆی پێشگرو ڕەگی ئێستاو پاشگرەوە، واتە کۆنفێکسێک چووەتە سەر ڕەگەکەو ناوێکی داڕێژراویان لێ سازکردووەو فەرهەنگی زمانی کوردییان پێ دەوڵەمەند کردووە. بۆ هەردوو چاوگی (کردن و خستن) و شێوەی دروستبوونی ناوی پیشەیی کارا بڕوانە (مارف: ٢٠١٤: ١٥٥) و (شوانی: ٢٠٠٨: ٧٨-٨١).

## ٢-٢/ پاشگری /-ەر/ لە سازکردنی ناوی پیشەیی لێکدراودا:

پێشتر (پێش ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە) وا لێکدەدرایەوە، کە مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژەری /-ەر/ تەنیا لە چوارچێوەی سازکردنی وشەی داڕێژراودا خۆی دەنوێنێت، بەڵام لەم پارەدا گرنگیی زۆر دراوە بە دروستکردن و سازکردنی ناوی لێکدراوی پیشەیی، واتە ئەم مۆرفێمە نەک تەنیا ناوێکی داڕێژراوی پیشەیی سازدەکات، بەڵکو توانیویەتی وشەیەکی لێکدراو بەرهەم بهێنێت، چونکە پێکهاتەی هەر وشەیەکی لێکدراو وەربگرین ئەوا دەبینین لە پێشکارێک و ڕەگی کردارێک و پاشگرێک. (پێشکاریش بە زۆری مۆرفیمێکی سەربەخۆیە لە شێوەی ناو یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵکار پێش کارە داڕێژراوەکە دەکەوێت). (دزەیی: ٢٠١٣: ٤٩)

ئەم پاشگرە ڕۆڵێکی گرنگ لە سازکردنی ناوی پیشەیی لێکدراودا، دەبینێت. دەبێت (وشەی لێکدراو بە لایەنی کەم دوو بنجی تێدابێت، کە هەردوکیان وشەن یان هەرچۆنێک بێت مۆرفیمی ڕووتن). (محمد : ٢٠١٩: ٩٧).

هەموو ئەم ناوانەی خوارەوە لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆو بنجی و پاشگرێک پێکهاتوون:

٢-٢-١/ پێشناوی ڕووداو + چاوگ = پێشکار + ڕەگ + پاشگری ناوی پیشە = ناوی لێکدراوی پیشەیی

نان + کردن = نان + کە + /-ەر/ = نانکەر

یاری + کردن = یار + کە + /-ەر/ = یاریکەر

سواڵ + کردن = سواڵ + کە + /-ەر/ = سواڵکەر

گۆڵ + کردن = گۆڵ + کە + /-ەر/ = گۆڵکەر

فشە + کردن = فشە + کە + /-ەر/ = فشەکەر

ئیش + کردن = ئیش + کە + /-ەر/ = ئیشکەر

بژار + کردن = بژار + کە + /-ەر/ = بژارکەر

کار + کردن = کار + کە + /-ەر/ = کارکەر = کارەکەر (بەهۆی ڕێکخستنی برگەکەوە ئەم بزوێنە بۆ ئاسانی گۆکردن هاتۆتە ئاراوە)

ناز + کردن = ناز + کە + /-ەر/ = نازکەر

قومار + کردن = قومار + کە + /-ەر/ = قومارکەر

پرس + کردن = پرس + کە + /-ەر/ = پرسکەر

نوێژ + کردن = نوێژ + کە + /-ەر/ = نوێژکەر

خێر + کردن = خێر + کە + /-ەر/ = خێرکەر

شەڕ + کردن = شەڕ + کە + /-ەر/ = شەڕکەر

فێر + کردن = فێر + کە + /-ەر/ = فێرکەر

قەرز + کردن = قەرز + کە + /-ەر/ = قەرزکەر

تەواو + کردن = تەواو + کە + /-ەر/ = تەواوکەر

ڕزگار + کردن = ڕزگار + کە + /-ەر/ = ڕزگارکەر

لەم نمونانەی سەرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە بە هیچ شێوەیەک پاشگرەکە (کەر) نییە ، بەڵکو ئەو (کە)یە ڕەگی ئێستای کاری (کرد= کە) یەو لەگەڵ پاشگری /-ەر/ دا بزوێنی سەرەتای پاشگرەکە لەناوچووە، چونکە دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەن، هەر ئەمە وایکردووە زۆرێک لە نوسەران دەرهەق بەم پاشگرە بۆچوونێکی تر بخەنە ڕوو. بەشێک لەو نوسەرانەی دەربارەی ئەم پاشگرە قسەیان کردووە، بریتین لە: مامۆستا نوری عەلی ئەمین، دەڵێت: ((پاشگری کەر=KER مەعنای بکەر ئەبەخشێ و ئەکرێ بە پاشکۆی (ناو) یا (سیفە) ئاوەڵناو، وەک چێشت+کەر=چێشتکەر ، ڕاوکەر، نوێژکەر، دارکەر، کاوێژکەر، خۆشکەر، سوێرکەر، بەشکەر، تێژکەر) (ئەمین: ١٩٥٦: ٢٤).. د.ئەورەحمانی حاجی مارف: ((ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ناوی سادەو دەیانکەنە داڕێژراو)) یەکێک لەو پاشگرانەیش دەستنیشانی کردووە پاشگری (کەر) ە دوو نمونەیشی بۆ هێناوەتەوە (نانکەر، ڕاوکەر) (مارف: ٢٠١٤: ١٢٠)... (کەوسەر عەزیز ئەحمەد)یش دەڵێت: ((ئەو گیرەکانەی کە پیشە دەگەیەنن، دوو نمونەیشی نوسیوە نانکەر، سواڵکەر)) (محمد: ١٩٩٠: ٨٩). (د.شێرکۆ حەمەئەمین)یش لە دروستکردنی ناوی پیشە لە دیالێکتی گۆراندا، نمونەی(نانکەر بۆ ڕەگەزی نێرو نانکەرە بۆ ڕەگەزی مێ) هێناوەتەوە. (حەمەئەمین: ٢٠٠٢: ٤٤) هەروەها (د.ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا) لە دروستکردنی ناوی پیشەدا بەهەمانشێوە پاشگری (-کەر)ی بە نمونەی (نانکەر، دارکەر، تەونکەر، ئیشکەر، بژارکەر،کارەکەر) بابەتەکەی پێ دەوڵەمەند کردووە. (عەبدوڵڵا: ٢٠٠٧: ٣٤).

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو نمونانەی سەرەوە، کە بەهۆی چاوگی (کردن)ەوە سازبوون، لەکاتی وەرگرتنی ڕەگی ئێستایەوە کە (کە) یەو مۆرفیمی داڕێژەری ناوی پیشەی /-ەر/ دروست دەبێت و یەکێک لەو دوو بزوێنە کورتە تیاچووە، ئەمەش یاسایەکی فۆنۆلۆجی زمانی کوردییە، کە دوو بزوێن هەرگیز بەدوای یەکتریدا نایەن. کەواتە ئەگەر (کەر) وەک پاشگر تەماشا بکرێت ئەوا دەبێت (دەر) و (خەر) و (نەر)یش وەک پاشگر تەماشا بکرێت، بەمەش دەکەوینە ناو هەڵەیەکی زەق مۆرفۆلۆجییەوە چونکە ئەگەر زیاتر لێیان وردبینەوە سەرەتا چاوگەکان دروستبوون و پاشان پاشگری ناوی پیشەی /-ەر/ یان وەرگرتووە. وەک لەنمونەکانی خوارەوە دەستنیشان کراون.

/بێ-/ + زار + کردن = بێزار + کە + /-ەر/ = بێزارکەر (ئەم نمونەیە لە پێشگر+ ناو + ڕەگێک+پاشگر دروستبووە).

**٢-٢-٢/ دوو پێشکار (وشەی دوبارەکراو) + ڕەگی ئێستا + پاشگری ناوی پیشەیی /-ەر/**

بۆڵە بۆڵ + کردن = بۆڵەبۆڵ + کە + /-ەر/ = بۆڵەبۆڵکەر

جوڵەجوڵ + کردن = جوڵەجوڵ + کە + /-ەر/ = جوڵەجوڵکەر

پەلەپەل + کردن = پەلەپەل + کە + /-ەر/ = پەلەپەلکەر

شاتەشات + کردن = شاتەشات + کە + /-ەر/ = شاتەشاتکەر

لەم نموونانەیشدا فۆنیمی کۆتایی ڕەگەکە بەسەر فۆنمی سەرەتای مۆرفێمە زاڵبووە، چونکە یاسای دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەن، یەکێکیانی کرتاندووە.

سەر + دان + کردن = سەر + دان + کە + /-ەر/ = سەردانکەر

چەقۆ + تیژ + کردن = چەقۆ + تیژ + کە + /-ەر/ = چەقۆتیژکەر

ئەم دوو نموونەیەی سەرەوە لە دوو پێشکار + ڕەگ + پاشگر دروستبووە.

٢-٢-٣/ پێشکار + چاوک = پێشکار + ڕەگ + /-ەر/ = ناوی لێکدراوی پیشەیی

فریو + دان = فریو + دە + /-ەر/ = فریودەر

هان + دان = هان + دە + /-ەر/ = هاندەر

نان + دان = نان + دە + /-ەر/ = ناندەر

بەڵێن + دان = بەڵێن + دە + /-ەر/ = بەڵێندەر

سوێن + دان = سوێن + دە + /-ەر/ = سوێندەر

شیر + دان = شیر + دە + /-ەر/ = شیردەر

قەرز + دان = قەرز + دە + /-ەر/ = قەرزدەر

ئاو + دان = ئاو + دە + /-ەر/ = ئاودەر

بڕیار + دان = بڕیار + دە + /-ەر/ = بڕیاردەر

ڕەنج + دان = ڕەنج + دە + /-ەر/ = ڕەنجدەر

یارمەتی + دان = یارمەتی + دە + /-ەر/ = یارمەتیدەر

لێرەشدا هەمان یاسای دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەن، زاڵبووە بەسەر نموونەکانی سەرەوە.

خۆ + پیشان + دان = خۆ + پیشان + دەر + /-ەر/ = خۆپیشاندەر (ئەم نموونەیە لە دوو پێشکار+ ڕەگ + پاشگر سازبووە).

**٢-٢-٤/ پێشکار + چاوگی (بردن)**

هێرش + بردن = هێرش + بە + /-ەر/ = هێرشبەر

خوێن + بردن = خوێن + بە + /-ەر/ = خوێنبەر

دەست + بردن = دەست + بە + /-ەر/ = دەستبەر

دڵ + بردن = دڵ + بە + /-ەر/ = دڵبەر = دولبەر(گۆڕانی دەنگی بۆ ئاسانی گۆکردن)

**٢-٢-٥/ پێشکار + چاوگی (خستن)**

ڕێک + خستن = ڕێک + خە + /-ەر/ = ڕێکخەر

دەست + پێش + خستن = دەست + پێش + خە + /-ەر/= دەسپێشخەر

**٢-٢-٦/ چاوگی (هێنان)**

**٢-٢-٦-١/ پێشکار + چاوگی (هێنان)**

خوێن + هێنان = خوێن + هێن + /-ەر/ = خوێنهێنەر

چا + هێنان = چا + هێن + /-ەر/ = چاهێنەر

ئاو + هێنان = ئاو + هێن + /-ەر/ = ئاوهێنەر

واز + هێنان = واز + هێن + /-ەر/ = وازهێنەر

٢-٢-٦-٢/ پێشگر + پێشکار + چاوگ (هێنان)

/بە-/ + یەک + هێنان (پێکهێنان) =/بە-/+ یەک + هێن + /-ەر/= بەیەکهێنەر = پێکهێنەر (لەم نمونەیەدا گۆڕانی دەنگی ڕوویداوە بۆ ئاسانی گۆکردن. (بە) دەگۆڕێت بە (پێ).

**٢-٢-٦-٣/ دووپێشکار + چاوگ (هێنان)**

سەر + سوڕ هێنان = سەر + سوڕ + هێن + /-ەر/ = سەرسوڕهێنەر

٢-٢-٧/ چاوگ (نان)

٢-٢-٧-١/ پاڵ + نان = پاڵ + نێ + /-ەر/ = پاڵنەر

بونیاد + نان = بونیاد + نێ + /-ەر/ = بونیادنەر

لەم دوو نمونەیەی سەرەوە ڕەگەکە کۆتایی بە بزوێن هاتووەو پاشگرەکەیش بە بزوێن دەستی پێ کردووە، بزوێنی کۆتایی ڕەگەکە تیاچووە.

**٢-٢-٧-٢/ چا + /لێ-/ + نان = چا + لێ + نێ + /-ەر/ = چالێنەر**

چێشت + /لێ-/ + نان = چێشت + لێ + نێ + /-ەر/ = چێشتلێنەر

هەردوو نمونەکەی سەرەوە بەهەمان ئەنالۆژیا دروستبوون ( ناو + پێشگر + ڕەگ + پاشگر).

**٢-٢-٨/ چاوگی (تۆزین) و(کۆڵین)**

/لێ-/ تۆزین + /-ەوە/ = لێ تۆز + /-ەر/ + /-ەوە/ = لێتۆزەرەوە = تۆزەر = تویژەر (محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، ٢٠١٦)

/لێ-/ + کۆڵین /-ەوە/ = /لێ-/ + کۆڵ + /-ەر/ +/-ەوە/ = لێکۆڵەرەوە = لێکۆڵەر

## ئەنجام

١)لەم توێژینەوەیەدا ئەوە پشتڕاست کرایەوە، کە هەندێک لە مۆرفیمەکانی زمانی کوردی پێویستیان بە جارێکی تر پێداچوونەوەیە.

٢)بەپێی نمونەکانی ئەم توێژینەوە مۆرفیمی وشە دارێژەری /-ەر/ لە سازکردنی ناوی پیشەی زمانی کوردیدا چالاکە، بەو پێیەی هەر لەم توێژینەوەیەدا زیاتر لە نەوەدو پێنج وشەی لێ سازکراوە.

٣)پاشگری /-ەر/ سەرەڕای دروستکردنی ناوی پیشەیی دارێژراو دەتوانێت ناوی پیشەیی لێکدراویش سازبکات.

٤)پاشگری (کەر) لە زمانی کوردیدا بوونی نییە، چونکە ئەو (کە)یە ڕەگی چاوگی (کردن)ە، لەگەڵ پاشگری /-ەر/ کە بەهۆی یاسای فۆنۆلۆجی دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەت یەکێکیان تیاچووەو ئەم حاڵەتەی دروست کردووە، هەر ئەمەیشە وایکردووە زمانەوانەکان بکەونە هەڵەیەکی مۆرفۆلۆجییەوە.

٥)ئەگەر (کەر) وەکو پاشگری ناوی پیشە دابنرێت، ئەوا دەبێت (دەر) و (خەر) و (بەر)یش وەکو پاشگر تەماشا بکرێت، کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەو کێشەیەکی گەورەتر بۆ مۆرفۆلۆجیای کوردی کەڵەکە دەکات.

## لیستی سەرچاوەکان


١.ئەمین، نوری عەلی (١٩٥٨) گرتنی کەلێنێکی تری ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

٢.دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٣) رستەسازی رۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

٣.فتاح، محمد معروف (٢٠١١) زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤.کابان، سەعید سدقی (١٩٢٨)، مختصر صرف و نحوی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نەجاح، بەغدا.

٥.شوانی، ڕەفیق محمد (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، دەزگای موکریانی، هەولێر.

٦.عەبدوڵلا، ڕۆژان نوری (٢٠٠٧) فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٧.عومەر، نەوزاد ئەنوەر (٢٠٠٨) کۆزەتیف لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە.

٨.حەمەئەمین، شیرکۆ (٢٠٠٢) مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماجستێر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٩.مارف، ئەورەحمانی حاجی (٢٠١٤)،ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی (ناو)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٠.مارف، ئەورەحمانی حاجی (٢٠١٤)،ڕێزمانی کوردی، بەرگی پێنجەم، وشەسازی (کردار)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١١.محمد، حاتەم ولیا (٢٠١٩) مۆرفۆلۆجیی، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٢.محمد، کەوسەر عەزیز (١٩٩٠) بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی (نامەی ماجستێر) بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین.

١٣.محەمەد، مەسعود (٢٠١٦) زاراوەسازیی پێوانە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

14. Nelson , Sidney Greenbaum and Gerald (2009) An introduction to English Grammar, third edition, Britain.

15. C. Stageberg , Norman (1981) An introductory English Grammar, forth edition, printed in U.S.A